# رزگاری

سەربەخۆیی
دیموکراسی
دادپەروەری کۆمەڵایەتی

ئۆرگانێکی کراوەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانە

١٢ لاپەرەیە ژمارە (١٣٥) سێشەممە ١٥ی شوباتی ٢٠٠٥ ـ ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٧٠٤ی کوردی نرخی (٢٥٠) دینارە



هەفتەنامەی رزگاری
یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٥/٣٠ دەرچووە
١٠ رۆژ جارێك دەردەچێت
HEFTENAMEY RIZGARI yekem jimarey le 1993/5/30 derchuwe




خاوەنی ١٠ شەهیدم لە پێناوی ئەم شارە و خاکەکەمدا بۆیە ئاڵای کوردستانم لەبەر کردووە.



**شوان شێخانی:** ئەوان بە زمانێکی زۆر بێ شەرمانە گوتیان بڕوامان بە کوردستانی گەورەو گچکە نییە.. .
دەقی دیمانە لە ل2 بخوێنەوە

**د.جەبار قادر:** جێگیرکردنی سەرکەوتنی کورد لە کەرکوك. . . ل٣



**عەلی مەحمود:** وەك سەرکردەو گەورەو بچوکەکانی خۆمان نییە غەزریو، کەم دوو ، پف دراوی سینگ دەرپەڕیو، بزەی دروستکراوی گوێ مس تێکراو . . ل٨

**لاپەڕەی کاروباری ئابوری.. ئا.هاشم زێباری**
ماندێلا:پلانێك لە پێناو نەهێشتنی هەژاری لە جیهان. .. ل٩

## لە مەهاباد یادی٢ی ڕێبەندان بەرز ڕاگیرا!



شارە کۆمەڵ بە کۆمەڵ دەچوونە سەر گۆڕی پێشەوا قازی محەمەدوشەهیدانی ڕێگای ئازادیو چەپکە گوڵی ڕێزیان بۆ دادەنان، هەروا لاوانی ئەم شارە ڕێورەسمێکی تایبەتیان بەیادی ٢ی ڕێبەندان لەسەرمەزاری ئەم شەهیدانە گرت، کە بەسرووودی ئەی رەقیبو دروشمی نەتەوەیی دەستی پێکردو لەلایەن رۆشنبیرانەوە شیعرو وتار خوێندریەوەو ئاڵای کوردستان لەسەر گۆڕی شەهیدان بەرز کرایەوە، بە هەمان شێوە لەسەر گلکۆی نەمران: هێمن، هەژارو مامڵێ مەراسیم بەڕێوەچوو.

بەیانی دووی ڕێبەندان، بۆ ڕێزگرتن لە یادەوەری ٥١ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد. خەڵکی ئەو

## لیستی هاوپەیمانی کوردستانی

### چارەگی دەنگەکانو ٧٠ کورسی وەدەستدێنێ

ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١٣ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی گشتی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە ٢٧٥ کورسی دەگرێتە خۆ ٨,٤٥٦,٢٦٦ملیۆن کەس دەنگیان بۆ داوە، کە ڕێژەی سەرجەم دەنگدەران ٥٩٪ بووە کە هەر کورسییەك ٣٠٧٥٠ هەزار دەنگی بەردەکەوێ، بەو پێیە لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق سەر بە سیستانی ٤,٥٧٠,٢٩٥ ملیۆن دەنگو بە ڕێژەی ١و٤٨٪ لە سەدا و ١٣٢ کورسی هێناوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە پلەی دووەمو ٢,١٧٥,٥٥١ملیۆن دەنگو ڕێژەی ٢٦٪ هێناوە، کە ٧١ کورسی بەردەکەوێ. لیستی ئەلعێراقی کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، بە پلەی سێیەم دێت کەوا ١,١٦٨,٩٤٣ ملیۆن دەنگ ڕێژەی ١٤٪ بەدەستدێنێ و ٣٨ کورسی بەردەکەوێ لیستی عێراقییەکانی غازی یاوەر سەرۆکی عێراق ١٥٠,٦٨٠ هەزار دەنگی هێناوە ١، ٧٪ کە ٥ کورسی بەردەکەوێ، لیستی بەرەی تورکمانی ٣ کورسیو لیستی ئیتحاد ئەاشەعبی حزبی شیوعی عێراق ٢ کورسیو هەروا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لیستی نیشتمانیی کوردستان بە پلەی یەکەم ١,٥٧٠,٦٦٣ملیۆن دەنگو کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستانی عێراق ٨٥,٢٣٧ هەزار دەنگو بە پلەی سێیەم، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دێت کە ٢٠,٥٨٥دەنگی هێناوە، بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لە سلێمانی ڕێژەی بەشداری بوون ٨٠٪ کە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پلەی یەکەم ٤٨٥,٧١٨ دەنگو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلەی دووەم کە ٩١,٥٧٨دەنگو لیستی یەکگرتووی ئیسلامی پلەی سێیەم کە ٧٥٠٠٨ دەنگی هێناوە، لە پارێزگای هەولێر ڕێژەی بەشداریبون ٨٢٪ بوو کەلیستی(پ. د.ك) بە پلەی یەکەم ٣٤٧,٧٧٢دەنگو (ی.ن.ك) بە پلەی دووەم ٢٤٤,٣٤٣دەنگو بە پلەی سێیەم یەکگرتووی ئیسلامی بوو کە ٢٢٥٢٣ دەنگی هێناوە، لەدهۆك ڕێژەی بەشداریبون ٨٩٪ بوو، کە لیستی (پ.د.ك) بە پلەی یەکەم ٣٠٢١٣٣ دەنگو لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە پلەی دووەم (ی.ن.ك) بەپلەی سێیەم دەرچوونە.

## لە کەرکوك لیستی برایەتی بە پلەی یەکەمو ٤٠٨٩٢ دەنگی هێناوە

## لە موسل لیستی کوردی ١٠٩٢٩٥ دەنگو پلەی یەکەمی وەدەستهێناوە



## رۆژی هەڵبژاردن لە کەرکوك شۆڕشێکی بێدەنگ بەرپاپوو!؟ ل٣

### ڕێبازی رزگاری

## ئەرکەکانی دوای هەڵبژاردن

دەمێك ساڵ بوو، دەکرا ئەو ڕۆژە دروست بکرێ، بەر لەوەی شەڕی نیوخۆیی بەرپا بکرێو ئەو هەموو وێرانیو دواکەوتنەوە لەگەڵ خۆی بێنی، کارەکە زۆر ئاسانتر بوو، ڕێککەوتنی واشنتۆنیش ئەگەر شێلگیرانە بڕگەکانی جێبەجێ بکرابایە دیسان زەحمەت نەبوو، بەڵام ئێمە هەمیشە چاومان لە هێزی دەرەکییە تەکبیرمان بۆ بکاو کارەکانمان بۆ رابپەڕێنێ.

لە دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆری، ئاسۆیەکی ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و بنیاتناوەی عێراق زیاتر دەدرەوشێتەوە. دیارە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییە لە گرنگترین دەسکەوتەکانی گۆڕانکاری دیموکراسییە بۆ گەلانی کوردستانو عێراق. باس لەوە ناکەین. کە پرۆسەکە لەچ ڕەوشێك بەڕێوەچوە، چونکە سەرباری کەموکوڕیو پێشێلکارییەکان، بۆ ئەمرۆ سەرکەوتنو بەرپەرچدانەوەیەکی بەجێی هەرەشەی هێزەکانی دژ بە دیموکرسیو پێشکەوتن بوو، بەو هیوایەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بتوانێ دەستوورێکی هەمیشەیی دیموکراتو شارستانانە دابڕێژێو، هەر بەو پێیەش حکومەتێکی مۆدێرنی عێراق دابمەزرێنێ، کە ئەرکی سەرەکی پاراستنی ئاسایشو بوژانەوەی ئابووری وڵاتو، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵكو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێ، حکومەتێك بتوانێ ئازادیو دیموکراسی بۆ تاكو کۆمەڵە جیاجیاکان دابین بکاتو، ببێتە توخمێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا، لە پێناو پاراستنی ئاشتیو جێبەجێکردنی نەخشەی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

هەر لەو نێوانەدا، گەلی کوردستان بە هەردوو حکومەت، پارتو گشت لایەنە سیاسیو جەماوەری وڵاتپارێزەکانییەوە، ڕووبەڕووی چەند ئەرکێکی گرنگی هەنوکەیی بە پەلەو چارەنوسسازدەبنەوە، کە پێویست بەوە دەکات بە گیانی هەستکردن بە لێپرسینەوەی نەتەوەییو نیشتمانی، دوور لەهەرچ حەساسیەتو بەرژەوەندی لابەلا، بە بایەخ وەربگیرێ:

یەکەم: ئەو ڕێژەیەی کە کورد لە کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق چنگی دەکەوێ، ئەوە دەنگی دلێرانەی گەلی کوردستانە، بە گشت هێزو کۆمەڵەو توێژە جیاوازەکانی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، نوێنەرەکانی دەبێ هەست بە پیرۆزی ئەو ئەرکەو بەر پرسیارییە گرنگە بکەنو ئەوان نوێنەری لایەنێکی دیاریکراو نین، بۆیە دەبێ بوێرانەو لەخۆ بردوییەوە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان رابپەڕێنن.

دووەم: دەبێ کورد یەکگرتووانە، هەوڵی ئەوە بدات لە نێو دامەزراوەکانی پەرلەمانو حکومەتی عیراقی ڕۆڵی شایستەی خۆی وەربگرێو، بۆ وەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکانی سەرۆکایەتی زیرەکانە هاوپەیمانێتی خۆی دروست بکات. تا ئەو ئاستەی خزمەت بە ئامانجو ستراتیژی نەتەوەییمان دەگەیەنێو، لە ئاست گەمەو تاکتیکی هێزو تەوژمەکانی سەر گۆڕەپانی عیراقی هۆشیارانە بڕیار وەربگرێ.

سێیەم: سەرکەوتنی لیستی برایەتی لە پارێزگای کەرکوك لە ئەنجامی سیاسەتێکی واقیعانە بۆ بارودۆخی ئاڵۆزی کەرکوك هاتۆتە دی. پێویستە پارێزگاری لەو دەسکەوتە بکرێو، هەوڵبدرێ لەو شارەدا، گیانی تەباییو پێکەوە ژیانی دیموکراسیانەو شارستانیانە قووڵبکرێتەوە، ئەمجار مەینەتی خەڵکی ئەو شارەو ئاوارەکانی لە پێشەوەی ئەرکەکان دابنرێن.

چوارەم: بەشداریکردنی فراوانی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانو دەنگدانیان بۆلیست هاوپەیمانی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دووپات دەبێتەوە، کە جەماوەری کوردستان چەندە پەرۆشی ژیانی دەستووریو بەرقەرار بوونی یاس او پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراسو شارستانییە، بۆیە گەلالە کردنی دەستورو ئەنجامدانی راپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئازاد، یاساییو شارستانی ئەرکی ئایندەی ئەو پەرلەمانەیە.

پێنجەم: دیارە یەکەم هەنگاوی پەرلەمانی هەلبژێردراو پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانە، کە پێویستە حکومەتێکی فراوانی تەکنوکرات بە بەشداری نوێنەرانی گشت حیزب، لایەنو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دروست بکرێ، ئەرکی پەرلەمانو حکومەتە کەلەو ماوەدیاریکراوەی قۆناغی گواستنەوەدا، هەوڵی یەکخستنەوەی ماڵی کوردیو گوتاری سیاسی سەرجەم کوردستانییەکان لە ناوەوەو دەرەوە بدات، ئەمجار سەرجەم وەزارەتو دامەزراوەکان یەکبخرێنەوەو داهاتی کوردستانو هێزی چەکدارو دەزگاکانی نهێنی لە هەر بوارێکدا بێت ، بخرێنەوە نێو دامەزراوەی حکومی و بەپێی یاسا لە پێناو پێشخستنو بوژاندنەوەی کوردستانو بەرگریکردن لە سەرووەری گەلو وڵات بە کار بهێنرێن.

شەشەم: پێویستە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاکان ڕۆڵی گرنگیان بدرێتیو، تا بتوانرێ لە ڕێگای پیادەکردنی سیستەمێکی نوێی کارگێڕیو خزمەتگوزارییەوە، هەوڵیبنبڕکردنی گیروگرفتو کێشە کەڵەکەبووەکان بدەنو خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی خێراو گونجاو پیشکەش بکەن، ئەمجار بواری بەشداریکردن لەبەردەم هاوڵاتیانو واڵابکرێو، سوود لەوزەو وانای کەسانی کارامەو لێهاتوو وەربگیرێ.

## هەڵبژاردن لە دیدی چاودێران...ل٥

**مەولود باوە مراد- ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:** لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەڵوێستمان ئەوەیە: پێشلکارییەکی لە ئەندازەی بەدەری تیاکرا.

**ڕێبین ڕەسول:** لە ڕاپۆرتی چاودێرەکانمان هاتووە کە چەکدارەکان چوونەتە ژوورەوە تا دەنگ بدەن.

**هۆگر چەتۆ:** لە هەمووشی خراپتر لە سەعات ١٠دا کۆمیسیۆنی باڵا کەوتە ئەو هەڵەیەوە، کە بڕیاردرا هەر هاوڵاتیەك لە نزیکترین بنکەی خۆی یا هەر بنکەیەکی تر دەتوانێ دەنگ بداتو تۆماری ناوی دەنگدەران هەڵگیرا.



## لە بەرۆکی چیای سادر بەرەو گوندی سونێ. ل١٠

**کوردۆ ساڵح نوێنەری PKSK:** بەشداریکردنمان لەم پرۆسە چارەنووسسازەدا چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵبژاردن، ئەمە لێکدانەوەیەکی نادروستە، چونکە ستراتیژییەتی ئێمە سەربەخۆیی کوردستانە.

**کاروان عەبدوڵڵا:** ، ئێمە هەر کارێكو چالاکییەك کە ئەنجامی دەدەین، پێشەکی بڕیارمان لەسەریان داوە هەوڵیش دەدەین ڕای هێزە سیاسیەکانی کوردستان وەربگرین.

**هیشام ئاکرەیی:** بۆ کاك هەڵکەوتو بزوتنەوەی ریفراندۆم ئاگاداری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتیان نەکردەوە تاوەکو ئەو وایەرەیان بۆ بنێرن!! کەواتە بزوتنەوەی ریفراندۆم نەی ویستووە ئیمزاکان بنێرنە دەرەوە.

## دەنگدان بۆ فیدرالیزم یان سەربەخۆیی بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت... ل٧




## پشتگیری لە پەنابەرانی کوردی رۆژهەڵات بکەن

ناوەندی هەڵەبجە (چاك )و کۆمیتەی پشتگیری لە پەنابەرانی کەمپی ئالتاش لە بانگەوازێکی هاوبەشدا، داوا لە جەماوەری کوردستانو هەردوو حکومەتی و پارتو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتیو مافی مرۆڤ دەکەن، کە هەرچی زوو بە پەلەیە فریای مەینەتییەکانی پەناهێندەی کوردی رۆژهەڵات بکەون، کەوا ساڵەهایە لە کەمپی ئالتاش ئازار دەچێژنو، ئەمرۆش دوای روخانی دیکتاتۆری مەینەتییان زیاتر بووەو تەنانەت بە هۆی دەستدرێژی عەرەبی شۆڤێنی لە مەترسیدان.